# پێوەندییەکانی حیزبەکانی باشوور، کۆماری ئیسلامیی و لایەنەکانی ڕۆژهەڵات، پیوەندیی شێخ و موریدە!

سوورکێو زەکی

جۆر و شێوەی پێوەندیی حیزبەکانی باشوور لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی و لایەنەکانی ڕۆژهەڵات، لە پێوەندیی نێوان شێخ و مورید دەچێت تا دوو یان چەند لایەنی سیاسیی هاوتەریب. سەرەتا پێویستە بڵێم کە لە دیرۆکی خەباتی خەڵکی کوردستاندا شێخی زۆر مەزنمان هەبوونە، وەک نەمران شێخ سەعیدی پیران، عوبەیدوڵڵای شەمزینی، شیخ مەحموود و شیخ عیزەددینی حوسەینی و ئەم نووسینە بە بێڕێزیی بەم جۆرە شێخانە لێک نەدرێتەوە کە شانبەشانی گەلەکەمان بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشاون و ژیان و گیانی خۆشیان لەم پێناوەدا بەخشیوە، بەڵام پێوەندیی لایەنەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور بۆچی لە شێخ و مورید دەچێت؟ لەبەر ئەوەی شێخ هەموو شتێک بۆخۆی بە ڕەوا دەزانێت، بەڵام مورید بێجگەلە مەدح و سەما بۆ شێخ و لە دەور گەڕانی ئەو، هیچ مافێکی تری نییە... بەرپرسانی حیزبەکانی باشوورییش هەر لە پارتییەوە تا یەکێتیی و سۆسیالیست و ئیسلامییەکان وەک جەنابی شێخ دەچن، هەڵبەت نە شێخێکی سەربەخۆش، بەڵکو شێخێک کە خۆی موریدی شێخەکانی گەورەتر و زەبەلاحتر لە خۆیەتی. ئەمان لە بەرامبەر لایەنەکانی ڕۆژهەڵات شێخی تەواون، بەڵام هەر کات دەگەنە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، ئەوەی نایبینن، پێشێلکرانی مافەکانی کوردی ئەم بەشەی کوردستانە و وەک چۆن دەروێش یان مورید بگاتە شێخی خۆی، بێ ئیرادە دەستەکانیان بۆ بەرپرسانی ئێرانیی لەسەر سینگ دادەنێن و دەکەونە پێهەلاکوتنی جەنابی شێخ و ئەوەی لەدەستیان بێت لە خزمەتی جەنابیدا دەیڕەخسێنن و لە دەوری دەگەڕێین. بەڵام ئەوەی بە بیریان دا نایە ئەوەیە کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی جەنابی شێخ ببەنە ژێر پرسیار یان تەنانەت پرسیاری لێ بکەن ئەرێ جەنابی شێخ حیکمەتی ئەم هەموو پێشێلکارییانەت لەبەرامبەر بەشێک لە جەستەی من، کە کوردی ڕۆژهەڵاتە، چییە؟

بەڵێ شێخ خۆی بە شێخ دەزانێ و موردیدیش خۆی پێگەی خۆی باش دەناسێ و خۆی لە قەرەی شێخ نادات و ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندیی و پێوەندیی شێخ و مورید ناتەبایە!

ئەمە لە هەڵسووکەوت و قسە نامسئوولانەکانی بەرپرسێکی وەک نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە تارانەوە بگرە هەتا دەگاتە بەشێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە کە بە شانازییەوە لە باشوور وێنە لەگەڵ بەرپرسانی ئیتلاعات و سپای قودس دەگرن و هەتا بەرپرسانی سەرووی هەرێم کە بە شانازییەوە پێشوازیی لە نەخشە داڕێژەر و ئەنجامدەرانی تیرۆری ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵات و بەڕێوەبەرانی ڕۆژانەی شکەنجە و ئێعدامی لاوان و چالاکوانانی ڕۆژهەتیش دەکەن و لە بەر دەم ڕۆژنامەوانان و کامێراکان ماچیان دەکەن و باوەشیان پێدا دەکەن و پێیان هەڵدەڵێن و بە ئاشکراش لەسەر تەلەڤیزیۆنەکان بڵاوی دەکەنەوە. وەک چۆن لە سەردانی ئەم دوایەی بەشێک لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ هەولێر و سلێمانییدا، شێخەکانمان لە باشوور بوونەوە موورييد و ئەم خۆبەکەمگرتنەش، زۆر زەق بوو و پێویست بە گێرانەوە ناکات... ئێستا ئەم خۆبەکەمدیتن و مووریيدايەتییە گەیشتۆتە ئاستێک کە بەرپرسانی نیزامیی ئێران بە ئاشکرا دەست لە کار و باری حیزبیی و تەنانەت سەرکردایەتیی و بەرنامە و پلانی هەندێ لایەنی باشووریش وەردەدەن، کەچی کاتێک بە جیا و پاشملە لە بابەت کۆماری ئیسلامییەوە لە بەرپرسان و لایەنەکانی باشوور دەپرسی، زیاتر لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بێزاریی خۆیان لە ئێران دەردەبڕن! بەڵام لە کردەوەدا خۆبەکەمزانیین و مووريدايەتییەکەیان لە ئاستێک دایە کە ئامادەن نەک هەر لە بەرامبەر هەڵسووکەوتەکانی جەنابی شێخ و دەستێوەردانەکانی لە باشوور بێدەنگ بن، بەڵکو لە بەرامبەر سەرکوتی بێبەزەییانەی ٣٥ساڵەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش بێدەنگ بن و بە دزیی و بە ئاشکراش جەنابی شێخ بە باشترین دۆست و یارمەتییدەری کورد بناسێنن، تەنانەت حازرن کوردی ڕۆژهەڵاتیشی لە باشوور لەسەر سەرکوت بکەن، هەر وەک ئەمەیان پارەکە لە کاتی خۆپێشاندانی بەناو ڕێگەپێدراوی کوردانی ڕۆژهەڵات بۆ مەحکوومکردنی لەسێدارەدانی لاوانی ڕۆژهەڵات لە هەولێر کرد و دوای گرتن و زیندانییکردنیان، تەنانەت بە ئاژاوەگێڕیشیان ناوزەد کردن.

دیارە هەندێ کەس خوازیارن نارەزایەتیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستان تەنیا لە چوون و پێشوازییکرانی سەحراروودی ئەندامی تیمی تیرۆری نەمر د. قاسملوو لە لایەن بەرپرسانی هەرێمی باشووری کوردستان کورت بکەنەوە، لەکاتێکدا نارەزایەتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سیاسەتی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان تەنیا پێوەندیی بە هاتنی سەحرارووديیەوە نییە و شاردنەوەی ڕاستییەکان لەمەڕ ڕەخنەی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە جۆری پێوەندییەکانی باشوور و ئێران، نە هیچ خزمەتێک بە پێوەندییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات و لایەنە

سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات دەکات و نە خزمەتێکیش بە پێوەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد، لەم پێوەندییەدا نەقڵی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە بەرامبەر بەرپرسانی باشوور لە لایەک و خۆبەزلزانییشیان لە بەرامبەر خەڵک و چالاکوانانی مەدەنیی و حیزبە بچووکترەکانی ڕۆژهەڵات ڕێک ئەوەیە. پێوەندیی شێخ و مورییدە! واتە لای بەرپرسانی هەرێم تەنیا پێیان هەڵدەڵێن و سپاسی یارمەتیی و گەورەیی جەنابی شێخ دەکەن و هیچ رەخنە و ئۆلتیماتۆمێکیان نییە!، کە چی لە کۆبوونەوە و مەحفێلەکانیاندا قسەیان زۆرە! لە دەرەوەش ئەوپەڕی دەگاتە ئەو ئاستەی کادر و ئەندامەکانیان لە فەیسبووک، چەند ڕۆژێک پاشملە ڕەخنە دەگرن و دەڵێن بەرپرسانی باشوور بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵات لەبەرچاو ناگرن و خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان خنکاندووە (کە ڕەخنەکەش بەجێیە و ڕاستە!). کەچی هەر لەم کاتەدا بەرپرسەکانیان بگەنە بەرپرسانی حیزبی و حکوومیی باشوور، دەکەونەوە پێ هەڵاکوتنیان و هەموو شتێکیان لەبیر دەچێتەوە و لەجیاتی ئەمە، ڕووی ڕەخنە و گازندەکانیان لە بەشێک لە لایەنەکانی باکوور و ڕۆژئاوا دەکەن! بێجگەلەوەش زۆر جار حازرن لەسەر کێشە و ناکۆکیی پارتەکانی باشوور لەگەڵ پارتەکانی باکوور نەک هەر وەجواب بێن، بەڵکو توندتر لە ئەندامانی پارتەکانی باشوور هیچ نامێنێ بە باکووریی و ڕۆژئاواییەکانی نەڵێن و هەندێ جار دەگاتە شەڕە جنێو و یەکتر تاوانبارکردن بە جاش و خۆفرۆش و هتد! (هەڵبەت مەبەست لەم ئاماژە و نموونە هێنانەوانە بۆ پشتگیریی لە هیچ لایەنێک نییە بەڵکو شییکردنەوەی پێوەندیی جەنابی شێخ و مووریدە).

بە گشتیی ئەم کاردانەوە یان جۆری هەڵوێستگرتنەی بەشێک لە پارتەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات لە بەرامبەر دەسەڵاتێک کە بەرژەوەندییان لایەتی، زۆر جێی تێڕامانە و دەکرێ بڵێین خۆبەکەمزانییان لە بەرامبەر دەسەڵاتێک کە تەنیا بەرژەوەندیی کورتخایەنی خۆی لەبەرچاوە، خاڵێکی هاوبەشیانە. واتە هەردووکیان لە شوێنی خۆیدا (نەخشی شێخ و مورید دەگێڕن و) ئەوەندە باوەڕیان بەخۆیان نییە کە ڕەخنەکانیان بە ڕوونیی، ڕاستەوخۆ و بێ پەردە لە ئاستی ڕێبەرییدا بە لایەنی بەرامبەر ڕابگەیەنن و ئیستراتیژیی کورتخایەن و درێژخایەنی خۆیان هەبێ و ڕەچاوی پێوەندییەکانییان لە ئاستی دوو ئەکتەری هاوشان بکەن یان کارێک بکەن کە چیتر ئەم پێشێلکاریی و ژێرپێخرانەی مافەکانیان لە لایەنی بەرامبەرەوە دووپاتە نەبێتەوە، ئەمەش بە

نۆبەی خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ لە سەنگ و کارتێکەرییان لە هومووی ئاستێکدا کەم دەکاتەوە و زیاتر لە پێشوو دەیانکاتە فاکتەری مامەڵەپێکران و بەگشتیی مورییدەکان بەردەوام دەبنە قوربانیی خۆبەکەمزانییان لە بەرامبەر شێخەکاندا.

۲۰۱٤/۱۲/۲۸، سوید